# کۆباسی چوارەم

## شاهید نامەیەکی مێژوویی

### ئیعجازی ژیان و ڕەویەی پێغەمبەر (ﷺ) لەچاو تەمەن و خزمەت و ژیانی پێغەمبەرانی پێشینەدا.

* * * * * *

<u>تێبینی :</u>

ئەم کۆباسە لە (ڤیستیڤاڵی نوور) لە ساڵیادی هاتنە دنیای پێغەمبەری پێشەوا حەزرەتی محمد (ﷺ)لە هۆڵی (ڕۆشنبیری / سلێمانی) پێشکەش کرا.

هەچ فیکرێك، هەچ بیردۆزێك، هەر ڕەئییێك، هەر چەند پەسەند بێت هەرچەند بەهێز بێت، بەپێز نابێت و بەرهەمی نابێت.. تاوەکو خاوەنەکەی ئەو فیکرەیە پەیکەڵ نەکات، بەرجەستە نەکات، لەخۆیدا. ئەبێ زانستکۆ (معلومات) جیا بکەینەوە لەگەڵ (معارف) دا، ڕاست گۆیی، داوێن پاکی، ئەمانەت، ئەمانە کۆمەڵێك زاینارین، کاتێك کەبەرجەستە بوون لەمرۆڤێك دا دەبنە (معارف) مرۆڤ بەقسە هەڵ ناخەڵەتێ، لێکۆڵینەوەی نوێ لەساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ دەرچووە دەڵێت: مرۆڤ هەرچەند ساویلکە بێت و نەخوێندەواربێت ئاوازی دەنگ جیادەکاتەوە، ئەزانێت ئەو مرۆڤەی بەرامبەری ڕاست گۆیە یا درۆزنە، دەم و چاوی ئەو مرۆڤە دەخوێنێتەوە، جگە لە ناوەڕۆکی ووتەکانی واتە: ئەبڵەق بوونی چاوو سەرسوڕمان بوونی هۆش، مەسەلەیەکە وە ڕۆشن کردنەوەی تاریکی ژیانی مرۆڤ بەژین نامەی پێشەوایەك مەسەلەیەکی ترە، لەگەڵ ئەوەدا سەرسوڕمان شتێکەو شوێنکەوتنی پێشەنگێك شتێکی ترە، (گاغور)ی شاعیری بەناوبانگ لێیان پرسی ووتیان: کۆمەڵەیەکی ئایینی هەن پێیان دەڵێن: (براهمۆ سماچ) ڕێزیان هەیە بۆ هەموو دینێك، ڕێزیان هەیە بۆ هەموو مرۆڤێك، کەچی ڕۆژ بەڕۆژ کەم دەبنەوەو گەورە نابن و زیادناکەن بۆچی؟ ووتی: چونکە پێشەوایان نییە، ئەو هەموو لێبوردنە، ئەو هەموو چەمکە بەرزانە سوودی نییە تەنها دەبێت یەکێکیان هەبێت تینووێتی دڵان بشکێنێت، تا بیکەن بەپێشەوا مرۆڤ شوێنی

ئەو کەسە دەکەوێت کە تێکۆشەر (مجاهد) بێت نەك خەیاڵی (میالی) بێت و هەر لە جیهانی تیۆردا بسوڕێتەوە، هەر مرۆڤێك و هەر گەلێك پێویستی بەپێشەوایەك هەیە، بەڵام پێشەواکە کێیە؟ (٤ مەرج ) دەبێت هەبێت لەپێشەوادا، کە وورد دەبیتەوە لەو (٤ مەرج)ە تەنها لەپێغەمبەراندا هەن:

١) دەبێت مێژوو شاهیدی بۆ بدات، واتە: بەڵگەی زانستی مێژووی هەبێت گەواهی راستی بدات.

٢)ژیاننامەی ئەو پێشەوایە ئەبێت هەموو بوارەکانی ژیانی گرتبێت نەك لەئەشکەوتێکدا بژی‌و دنیای تەرك کردبێت.

٣)ئەبێت کە زنجیرەی مێژووەکەی هەڵ دەدەیتەوە ئەڵقەیەکی وون بووی تێدا نەبێت.

٤)هەرچی کە وتوویەتی ئەبێت خۆی پێش هەموو کەسێك جێ بەجێ‌ی کردبێت.

وەرە ئەم چوار خاڵە ئەزموون بکە لەسەر ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) دەبینی هەر چواری تێدایە، مێژوو گەواهی بۆ دەدات، کە خاوەنی راسترین کتێبی سەر زەوی‌یە، دوژمنانی ئیسلام پێش موسڵمانان شایەتی ئەدەن کە راسترین کتێبە لەسەر زەوی‌دا، لەمێژوودا هەروەها شایەتیشی بۆ دەدەن کە ئەو پەیام و ژیننامەیە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە وە هیچ ئەڵقەیەکی وون بووی تیا نی‌یە، هەر شتێك خۆی نەری‌ی لێ کردبێ پێش هەموو کەس لێ‌ی دوورکەوتۆتەوە، وە هەر فەرمانێك ئەمری پێ کردبێ، خۆی پێش هەموو کەسێك جێ بەجێ کردووە، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: (لقد كان لكم في رسول الله اسوةٌ حسنه)[1].

(ئەلێکسس کارڵ) کە پێناسەی مێژوو دەکات دەڵێت: (سجلٌ لأعمال العظما و سيرهم)[2] تۆمارێکە بۆ ژیان و چالاکی‌و کاری مەزنەکان، گەورەکان، دەوەرە مێژوو بخوێنەرەوە بزانە چەند سەد کەسی هەبووە کە (تشریع)ی داناوە، وەك: حامورابی یان شارعەکانی شارستانی هندی یان فەیلەسوفەکان وەك: سوقرات یان ئەرستۆ تالیس کە تا ئێستاش هزرو فیکرەکانیان دەخوێندرێن لەپەیمانگەو خوێندنگاکانی جیهاندا، بەڵام چەند کەس هەن بڵێن: بەختەوەر بووین لەسایەی شەریعەتی حامورابی‌یەوە یان پەیکەڵی فەلسەفەی سوقراتەوە، یان ئەرستۆوە، ئەوە گرنگە، لە ژیاندا ئەشێت بە کەسایەتیەك سەرسام بووبین، ئیتر ئەو کەسایەتیە مامۆستای قوتابخانە بوو بێت یان مامۆستای مزگەوت یان خزم بووبێت یاخود بیگانە بەڵام ئیعجابەکە نەگەیشتووەتە ئاستێك بیانکەین بەپێشەوا چونکە ئەو چوار مەرجەیان تیدا نەبووە، بەلایەنی کەمەوە ئەو قسانەی کە خۆیان وتوویانە خۆیان پەیکەلیان نەکردوون (٦٠-٧٠ ) پەیرەو (مژهب) هەبووە بۆچی (٤)یان ماوون؟ چونکە هەر ئەم چوارە مجاهیدبوون هەر ئەم چوارە بەرگەی ستەم و زۆری دەسەڵاتیان گرتووە، بۆیە ئەو چوار پەیرەوە بەهای خۆی پاراستووە.

شارستانیەت بەقسە دروست نابێت، بەرەئی دروست نابێت، بەڵکو بەئارەق رشتن.. بەخوین رشتن.. بەماندوو نەناسی.. بەقوربانی دان.. دروست دەبێت. وە هەر چینێکیش بەشدار دەبێت لە بوونیاد نانیدا، هەرکەس لەبوارو ئاستی خۆیدا، بۆ بوونیاد نانی شارستانی‌یەت ئەبێ

---

[1] الاحزاب / ٢١ .

[2] الانسان ذلك المجهول / الكسس كارل .

سەرکردەکان دادپەروەر بن، ئەبیت سیاسەت مەداری وای تیدابیت هیل بکیشیت بۆ دوارۆژیکی رۆشن و رووناك. ئەندازیاران نەخشە بکیشن بۆ شەقام و ریگەوبان. پزیشکان قەلآچۆی نەخۆشی بکەن، دەرمانسازەکان دەرمان دروست بکەن بۆ ئەو میللەتە، کریکار ئارەق بریژیت، سەرباز خوین بریژی بۆ بەرگری، جوتیار خۆراك بەرهەم بهینیَ، هونەرمەندان جوانی بدەن بە ئاوازی ژیان، چ بۆ شانۆگەریو چ بە شیوەکاری... هتد بەوانە هەموو و زیاتریش ئینجا شارستانی‌یەت دروست دەبیت. بەلآم بەشیك دەمینیتەوە بەم هەموو تویژانە ناکریت، ئەویش دروست کردنی مرۆڤە، دەرهینانی شەرو هەلکیشانی تەماع و ئارەزووە سەرکەشەکانە لەو مرۆڤەدا، ئەویش ئەرکی پیغەمبەرانە (سلامی خوایان لی بی) شارستانی‌یەت نەبووە ئەرکی پیغەمبەرانی تیدا نەبووبیت، لەبەرئەوە سەرجەمی مرۆڤایەتی قەرزاری ئەوانن، ئیمەی موسلمان هەستمان کردووە کە هەموو پیغەمبەریك (سەلامی خوایان لی بیت) رەنجیان داوە کۆششیکی بیشوماریان کردووە، لەپیناوی پیکهینانی مرۆڤی پیکەوتووی سەرکەوتووی چاکخوازی پەروەردەکراودا خۆشەویستی زۆریان چاندووە لەدلی ئەو کەسانەدا، مرۆڤیش یەکەم رەگەزی شارستانی‌یەتە، بۆیە هەرچەند ناویان دەبریت ئیمە دەلیین: (سەلامی خوایان لەسەر بیت) هەرچ خیریك ببینیت، بەشیوەی دادپەروەری.. بەشیوەی رەحم و بەزەی.. بەشیوەی هاوکاری.. بەشیوەی بەرەنگاری زولم.. بە دلنیایی‌یەوە جی دەستی پیغەمبەریکە لەو پیغەمبەرانە، شوین نەبووە خوا پیغەمبەری بۆ نەناردبیت، نەك هەر لەئاستی ئوممەتاندا (وإن من امە إلا خلا فيها نذير)[3] بەلکو لەئاستی هەموو قەومیکی بچوکیش دا (ولكل قوم هاد)[4] ئەوەیە دادپەروەری خوای گەورە (سبحانه وتعالی) لەبەرئەوە ئەوپەری بی شەرمی‌یە کە ئیمە بی وەفابین بەرامبەر ئەو پیغەمبەرانە (سەلامی خوایان لی بیت) ویژدانمان نەبیت بۆیان، ریزی ئەو پیغەمبەرانەمان بیر بچیتەوە، ئەم زاتانە (سەلامی خوایان لەسەربیت) کە بەشەرۆشنبیری شارستانی‌یەتەکەیان پیك هینا، وەك ئاشکرایە هەموو شارستانی‌یەتیك بریتی‌یە لە (مەدەنیەت و رۆشنبیری) ناوەرۆکی رۆشنبیری‌یە کە پیغەمبەران دایانمەزراندووە، نەوەك هەر بەقسە بەلکو بە پەیکەلی واقیعی بە خۆراگریو بە ئارامگرتن و بەکۆل نەدان، رۆژ نەبووە حەزرەتی نوح نەبووریتەوە، لە ئەنجامی ئەشکەنجەو ئازاردا دوای ١٣٠سال ژنەکەی وازی لی هینا، توانای نەما (فخانتاهما)[5] نعوذ بالله خیانەتی عەقیدەیە نەك خیانەتی تر، ئارامی نەما ووتی: راست ناکەیت، تۆ هەر دەلییت لافاو هەلدەستیت من ١٣٠ سالە لەگەلتدام هەموو رۆژیك بورانەوە، بەمردوویی ئەیانهینایەوە ئاویان دەکرد بەدەموچاویا کاتی کە هۆشی دەهاتەوە بەرخۆی خیرا دەرۆشتەوە ناوخەلکی و بانگهیشتی دەکردن، ئەمە بەدەم خۆشە، لەبەرئەوە تاریکی ئەمرۆمان دەبیت بەنووری نبووەت بە گەوهەری رسالەت لابچیت وەخاتەمی ئەم نوورانە محمده (ﷺ) ئەو نوورەی کە خوای گەورە دەفەرموویت: (يأيها النبى إنا

---

[3] فاطر / ٢٤ .

[4] الرعد / ٧ .

[5] التحريم / ١٠ .

ارسلناك شاهدا ومبشرا ونذيرا وداعيا الى الله بأذنه وسراجا منيرا)[٦] هەموو پیغەمبەریك شاهید بووە مژدە دەربووە بیدارکەرەوە بووە بانگەواز بووە، بەڵام (تلك الرسل فضلنا بعضهم على بعض)[٧] حەزرەتی ابراهیم و عیسا (علیهما السلام) کەشیکی مژدەدەری زال بووە بەسەریاندا، موساو لوگ لەگەل داود (سەلامی خوایان لێ بیت) تەرزیکی جیهادی زال بووە بەسەر ژیانیاندا، تەوبەکردن زال بووە بەسەر حەزرەتی یونس دا (سەلامی خوای لەسەر)، بانگەواز کردن سیمای پەیامی حەزرەتی یوسف بووە (سەلامی خوای لەسەر) تەسلیم بوون و رازی بوون بە قەدەری خوا زال بووە بەسەر ژیانی حەزرەتی یەعقوبدا (سەلامی خوای لەسەر)، بەڵام هەموویان لەپیغەمبەردا (ﷺ) کۆبوونەتەوە بەبێ لایەن گریو بە شیوەیەکی زانستی وەرە خویندنەوە بۆ ژیننامەی پیغەمبەر (ﷺ) بکە بۆت دەردەکەوێ کە هەموو ئەو سیفەتە جوانانەی ئەو پیغەمبەرانە لەم خاتەمەدا هەیە. جیهادی پیغەمبەر (ﷺ) لەموسا (سەلامی خوای لەسەر) کەمتر نەبووە، خۆراگریو ئارامی پیغەمبەر لە ئەیوب (سەلامی خوای لەسەر) کەمتر نەبووە، لەبەرئەوە میژوو شاهیدی بۆ دەدات کە تەنها ئەوە شایستەی ئەوە بیت پیشەوای مرۆڤایەتی بیت (ﷺ) خالیکی تریش ئەوەیە کە پەیامەکەی دەست کاری نەکراوە، حەرفیکی زیادو کەمی نییە (إن علینا جمعه وقرئنه)[٨] وەك دەرکەوتووە بە رووکەش ئەبو بەکر بەشداری کرووە لە کۆنووسی لاپەرەکاندا (صحائف)ەکاناو حەزرەتی عومەر بەشداری کردوو عوپمان هیناویەتە سەریەك خویندنەوە، ئەویش خویندنەوەی قورەیشە بەڵام سەیری سیمای قورئانی بکەن نەگۆراوە، تەنانەت سەیربکە ووشەی (صلاه) ئەگەر لەقورئانی مەککیدا بیت بە جۆریك نووسراوەو لە سورەتی مەدەنیدا واویکی لەگەڵە یەعنی: نویژەکان بەڵام ئەوەی تر پەیوەندی کردنە لەگەل خوادا، (إنا نحن نزلنا الذکر وإنا له لحافظون)[٩] ئەم پاراستنە (حفظ) گشتییە، پاراستنی ناوەرۆکی دەگریتەوە، پاراستنی رەسم و سیمای دەگریتەوە، پاراستنی زنجیرە بەندی سوورەت و ئایەتەکان دەگریتەوە، چۆنی فەرمووە (ﷺ) ئەوها تۆمارکراوە بەبێ زیادوکەم.

پیاویکی نصرانی هاتە کۆشکەکەی خەلیفە مەئمون، ئەم پیاوە زۆر بلیمەت و قسەزان بوو مەئمون پێی سەرسام بوو پاش و وتارەکەی پیی ووت: بۆ شایەتومان ناهینیت و بە موسلمان نابیت!؟ وەڵامی پی نەبوو، دوای سالیك سەریدایەوە لەخەلیفەو دەستی خستە ناو دەستی خەلیفەوەو ووتی: (أشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله) مەئمون لێی پرسی: پار لیت پارامەوە موسلمان نەبوویت ئیستا هەر لەخۆتەوە هاتویت ئەمە یەعنی چی!؟ ووتی: ئەی خەلیفەی موسلمانان قسەکەت کاری تی کردم. چوم گەرام بزانم چ دینیك راستە، هاتم نوسخەیەکم هینا لەتەورات و چەند نوسخەیەکم پێ نووسیەوە، بەئارەزووی خۆم برگەم لێ پەراند، بەئارەزووی خۆم برگەم لێ نووسی، شەممەیەك هاتمە بەر دیریکی جولەکە، کاتیك کە

---

٦ الاحزاب / ٤٥، ٤٦.

٧ البقرة / ٢٥٣.

٨ القيامة / ١٧ .

٩ الحجر / ٩.

نویژەکەیان تەواو بوو هاتنە دەرێو تەماشایان کرد (فبعتها بأغلى الايمان)[10] پاشان هاتم چەند نوسخەیەکم لە ئینجیل نووسییەوە، دیسان بەئارەزووی خۆم برگەم لێ پەراند، برگەی خۆمم کردە سەر یەك شەممەیەك دوای نویژی قودداس، فرۆشتم لەبەردەم کلیسەکەدا (بأغلى الايمان)[11] پاشان هاتم (٤-٥ ) نوسخەیەکم لەقورئان نووسیەوە، شتیکی خۆمم نەخستەسەریان بەڵام چەند ئایەتیکم لێ لابرد، جومعەیەك وەستام پاش نویژی جومعە خەلکی هاتنە دەری و دام نا ووتم: ئەمە دەست نووسەو زۆر کۆنە، چەند کەسیك دەستیان دایەو هەلیان دایەوە، پاشان قۆلیان گرتم و بردمیانە پەنایەکەوە تیرتیریان لیدام و نوسخەکانیان بەبەرچاوەمەوە سووتاند، ووتیان: جاریکی تر شتی وا بکەیت ئەتدەین بەدادگا، ووتم: گەلیك عەوامەکەی دەقەکانی لەبەربیت، بەراستی خاوەنی ئایینی خوایە، میژوو شایەتی دەدا بۆ ئیمە کە ئەم ئوممەتە خاوەنی کیتابیکە، دەقەکانی ووتەی خوایە (جل جلاله).

ئایین لەراستیدا هاتووە بۆ جی بەجی کردنی دوو جۆر ماف:

١- مافی مرۆڤ بەرامبەر خوا یا مافی خوا لەلای مرۆڤ.

٢- مافی مرۆڤ لەلای مرۆڤ.

کەمن ئەو حوکمانەی کە لە ئایینەکانی تردا بگونجین لەگەل سەددەی بیست و یەکدا، لەوانەیە ٥-٦ حوکم بدۆزیتەوە، بەلام ئەم ژیانە جەنجالە بە ٥-٦حوکم ناروات بەریوە، بەچاویکی زانستییەوەبخوینەرەوە دەبینی لەهندۆسیدا: نابیت هیچ میروویەك و هیچ ئاژەلیك بکوژیت، بەهەزاران جرج ئەکەونە ناو ئەو کیلگانە لە هندستاندا، ئەو هەموو دەغلە دەخۆن، دەلین: حەرامە بیانکوژن. ئەلین: روبار حەرامە بەستی بۆ بکەیت، خوا داینـاوە نابیت!! بوژا ژنی خۆی بەجی هیشت زۆری خۆش دەویست، تاقە کوریکی هەبوو بەجیی هیشت نەك هەرئەوە بەلکو باوك و دایکیو عەشرەتەکەیو دۆستانی هەموو جێ هیشت، رۆیشت بەرەو دارستان ئیتر ئەوانی نەبینییەوە، ئەمە چ پیشەوایەکە! بوژییەکانی ئەمرۆ ٢٥٪ ی دانیشتوانی سەرزەوین ئەگەر رەویەی ئەو جی بەجی بکەن، ئەبیت کەس خیزانی نەبیت، ئەبیت کەس لەگەل خیزانی خۆیا نەژی، ئەبیت هەموو کەس مندالی خۆی فەرامۆش بکات، دووربکەویتەوە لەباوك و دایکی و لەقەومیو لەووڵاتی و ئەبیت ئەو کیلگانەی کە ئەمرۆ هەیانە ئەو شوینانەی کەلەسەر ئایینی ئەون، ئەبیت واز لەکشتوکال بهینن، واز لەپیشەسازی بهینن دەولەتەکەیان هەلبوەشیننەوە، چونکە دوائاواتی بوژا ئەوەبوو کە دونیا تەرك بکەیت!! وەرە سەر (٥) سفرەکەی تەورات، باسی شەر.. جیهاد.. یەکتاپەرستی.. دەکات بەلام (صیفات و اسماو) باس ناکات، باسی ناوی (اشخاص) دەکات و ناوی ناوچەکان دەهینیت کە لەوانەیە سوودیکی جوگرافی، میژوویی هەبیت، ئەی موسا چۆن خوای ناسیوە؟ خۆشەویستی خوا لەدلیدا چۆن و چەن بووە؟ پەرستشکەی چۆن بووە؟ چۆن بوە لەگەل خیزانیدا؟ چۆن بووە لەگەل دراوسیدا؟ چۆن بووە لەگەل کەس و کاریدا؟ لەگەل هاوەلانیدا، لەگەل دۆستانیدا؟ تیانییە! ئەمە چۆن دەبیتە پیشەوا!

---

[10] فرۆشتم بە نرخیکی گران .

[11] بە گرانترین نرخ .

مرۆڤ پیویستی بەووردەکای‌یەکی زۆر زۆر هەیە بۆ ئەوەی بیکاتە میتۆدی ژیان، ئەوە لەهەر (٥) سفرەکەدا نادۆزیتەوە لەبەر ئەوە میژوو رەحمی پی ناکات، با پیغەمبەریش بیت، لەسفری (تپنیە)دا کە کۆتا سفرە لەتەوراتدا کە سفری (٣٤ )ە برگەی ( ٥-١٠ ) ئەو بەشەتان بۆ دەخوینمەوە تا حەقیقەتیك دەرکەویت: (إن عبدالله موسی مات بإژن الله فی أرچ (مؤاب) ودفنه الله) گونجاوە ئەمە موسا نووسیبیتی؟! ئەگونجیت یەکیك بلیت من لەفلان شویندا مردم! فلان کەس منی ناشت؟ هەموو ئەقلیك دەلیت: ئەمە خوانەی نووسیوە. ئیمە دەلیین: گریمان (٤ ) سفرەکەی کە موسا فەرموویەتی بەلام ئەمە ئەقل قبولی ناکات کە (موسا) ئەمە بلیت، باشە ئەی کی ووتویەتی؟ نازانین! ئیمە جاری وا هەیە لەفەرموودەیکی محمد پیغەمبەردا (ﷺ) کابرایەکی زۆر زۆر بروایپیکراو ریوایەتەکەی وەرناگیریٚ تەنها لەبەرئەوەی تۆزیك (حفقی) تەواو نی‌یە. دەی تەورات بەحساب ووتەی خوایە!! ئینجا دەلیت: ( کەسیش قەبرەکەی نازانیت، دوای ئەو هیچ پیغەمبەریك نەهات وەك ئەو) دوای ئەو هیچ پیغەمبەریك نەهات وەك ئەو بەلگەیە لەسەرئەوەی کە لەدوای (٣٠٠، ٤٠٠، ٥٠٠سال ) ئەو برگەیە نووسراوەتەوە، ئەمە میژوو چ شەفاعەتیك دەکات بۆ ئەو جۆرە کەسەکەبیکات بەپیشەوا!؟ دەلیت: لەتەمەنی (١٢٠)سالی دا کەوتە لەرزین لەو تەمەنەدا مرد (١٢٠ سال!!!!) تەنها باسی لەدایك بوونی دەکات، باسی ئەو ماوەیە دەکات کەلەکۆشکی فیرعەون دا بەخیوکراوە، باسی راکردنەکەی دەکات بۆ مەدیەن نزیکەی (١٣٠٠) کیلۆمەتری بری بوو بەشیوەی چەماوەیی، بنی پیی شەقی برد، دانی سەوز بوو (بەهۆی گەلا خواردنەوە) چووە مەدیەن لەوی ژنی هینا (لەمالە عەرەبیك) (لە پیغەمبەراندا چواریان عەرەبن) ئینجا هاتۆتەوە پاش ١٠سال لەریگادا بوو بەپیغەمبەر نوریکی بینی هاتەوە بۆ میصر قەومەکەی کۆکردەوە لەنیل پەرینەوە کەوتە جیهاد ئیتر تەواو دریژەی ژیانی خیزانداری تیا نی‌یە ئیمە دلنیاین زۆر چاك بووە لەگەل خیزانی‌دا، دلنیاین زۆرچاك بووە لەگەل خەلکی‌دا، بەلام ئەمە لە تەوراتدا نی‌یە، تۆمارنەکراوە.

هەموو ئینجیلەکان دەلین: عیسا (علیه السلام) (٣٣) سال لەسەر زەوی بووە، هەموو ئینجیلەکان باسی لەدایك بوونی عیسا دەکەن بەموعجیزە هەرچەندە بی شەرمانە باوکی بۆ دادەنین، خوشك و برایەکیشی بۆ دادەنین، بەلام کۆکن لەوەی کە ٣٣سال بووە، هاتن لەخاچیان دا، ئیمەی موسلمان دەلیین: (بل رفعه الله الیه)[١٢] بەرزبۆتەوە وەك (زکریا) هیشتا نەمردوون، هەموو ئینجیلەکان باسی سیٚ سالی کۆتایی تەمەنی عیسا دەکەن، ئەی (٣٠)یەکەی تری کوا!؟ هەمووی ئەلقەی وونبووی زنجیرەی تەمەنی ئەون لە (رینان) و بەدەر لە رینان و میژوو نووسە رۆژئاوای‌یەکان، خۆیان فەوتاند ٢٠سال ٢٢سال گەران و هیلاك بوون، نەگەیشتنە ئەوەی ئەلقەیەکی وونبووی بدۆزنەوە لەژیانی مندالی‌یەوە تاکو بووە بە پیغەمبەرو تا تەمەنی ٣٠سالی هەرچی لەئینجیلەکاندا هەیە باسی ئەو ٣ سالەی کۆتایە دەکات، دەوەرە سەر محمدالمصگفی (ﷺ) هەموو ژیانی کراوەیە، هەموو رۆژەکانی کراوەیە، هەموو فەرمودەکانی پۆلین کراون، دابەش

---

[١٢] النساء / ١٥٨ .

کراون بەسەر بابەتە سەرەکی‌یەکاندا، گۆشەیەکی ژیان بهینە کە پیغەمبەر (ﷺ) باسی نەکردبیت، هەر لەشیوازی نان خواردنەوە هەتا حوکم رانی، هەر لەشیوازی پال کەوتنەوە، چۆن دانت دەشۆیت؟ تا چۆن حوکم دەکەیت بەسەر میللەتدا؟ چۆن سولح دەکەیت؟ چۆن شەر دەکەیت؟ چۆن ئاشتی دەکەیت؟ بەلام لەوە دەچیت ئیرادەی خوای لەسەر بووبیت (والله أعلم) کە ئەو میژووی پیغەمبەرانە تۆمار نەکریت، ئەو ژینناماننەیان ئاوا بەتەم ومژاوی‌و ئاوا بەبچوکی بمینیتەوە، چونکە بۆ کاتیکی دیاری کراو خوا ناردوونی، لەلایەکی تریشەوە حیکمەتی خوای گەورە لەوەدایە کە هەموو دریژەی ژیانی ئەم محمدە بنووسریت (ﷺ) چونکە پیویستمان پی‌یەتی تارۆژی قیامەت، پیغەمبەرانی تر هیواخواز بوون لەئوممەتی محمد (ﷺ) بن، بەبەرەکەتی شوینکەوتنی ئەم پیغەمبەرە بەر رەحمەت دەکەوین، بەرشەفاعەت دەکەوین، ئەگەر گوناهی (کبیر)ەشمان هەبیت، ئیمەی ئەهلی (السنە والجماعە) باوەرمان وایە کە ئەهلی کبائریش بەمەرجیك یەکتاپەرست بن بەر شەفاعەتی پیغەمبەری خوا (ﷺ) دەکەون، هەروەها (إصر)[13] لاچوو لەسەر ئەم ئوممەتە، میللەتانی پیشوو گەر بالندەیەك پیسای‌یەکی بکردایەتە سەر پیستیان دەبوایە بەچەقۆ هەلیان بکەندایە، قورسای‌یەکی زۆر ئەرکی سەرشانی هەموو خواپەرستیك بووە، ئەمە لەسەر ئوممەتی محمد (ﷺ) لاچوو بەدەقی قورئانی پیرۆز (ربنا ولاتحمل علینا اصرا کما حملتە علی الڑین من قبلنا)[14] خوا دوعاکەمان فیر دەکات لەوەلامیشدا دەفەرموویت: (قد فعلت) ئەم کۆتاییەی سورەی البقرە (٢٠٠٠) سال پیش دروست بوونی ئەرز خوای گەورە داینـاوە دوعامان فیر دەکات وە وەلامەکەشی داوینەتەوە کە (اصر)م لابرد لەسەرتان، دوای نازل بوونی ئەم ئایەتە پیغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إن الله تعالی تجاوز لی عن أمتی الخگا والنسیان وما استکرهوا علیه)[15] شتیك کە نیەتت نەبووبیت بیکەیت بە هەلە بیکەیت خوا لیت دەبوریت، بیرچوونەوە کە خوا رەخنە دەگریت لەئادەم کە شتی لەبیر چۆتەوە، بەلام ئوممەتی پیغەمبەر (ﷺ) لەبیرچووی لەسەر حیساب ناکریٓ، لیبوردنی لەگەلەشتیك کە بەزۆر پیٓی بکریٓ لەسەری سزا نادریٓ، لای ئیمە ئەمانە هەمووی ئاسان کاری‌یە، خوای گەورە بەپیغەمبەرانی تری فەرمووە: (ادعونی استجب لك) بەهەموو پیغەمبەریکی فەرمووە دوعا بکە دوعاکەت قبول دەکەم، بەلام بە بەرەکەتی شوینکەوتنی محمد (ﷺ) بەئوممەتەکەی ووتراوە: (ادعونی استجب لکم)[16] بزانە چ زاتیکە (ﷺ) لەسەر هەموو ئوممەتی محمد (ﷺ) (حرج) لاچووە (ماجعل علیکم فی الدین من حرج)[17] ((علیکم)) لەسەر ئوممەتەکەی، (فالڑین یٓمنوا بە وعزروە ونصروە واتبعوا النور الڑی

---

[13] باری قورس .

[14] البقرة / ٢٨٦ .

[15] عن ابي ذر / الطبراني في الكبير، الحاكم / عن ابن عباس وعن ثوبان / صحيح / فيض القدير شرح جامع الصغير ج[٢]، ص[٢١٩] رقم ١٧٠٥ .

[16] غافر / ٦٠ .

[17] الحج / ٧٨ . واتە: لە ئاییندا کاری سەخت و قورستان لەسەر دانانیٓ.

أنزل معه اولئك هم المفلحون)[18] بیر لەو ووشانە بکەینەوە: ئەوانەی کە باوەریان پی هینا پشت گیری بکەن بە مادی و مەعنەوی دینەکەی زیندوو بکەنەوە، سوننەتەکەی زیندوو بکەنەوە، ئەوانەن سەرکەوتوو رزگار.

لەسەر گۆی زەوی‌دا دوو کەس نین بوونی دەروونی‌یان (وجود النفسیه) لەیەك بچیت زاناکان وجودی نەفسیان کردووە بە (٦ پلە)وە:

١) بوونی بەرژەوەندی: نزمترین مرۆڤ، مرۆڤی (بەرژەوەند خوان)ە بەرژەوەندی‌یەکەی چوارچیوەی بۆ ژیان و دەروونی کیشاوە.

٢)بوونی ئاکاری: لەو باشتر مرۆڤیکی ئاکاری‌یە (سلوکی)یە ئەو کەسەیە بایەخ بەهەلسوکەوت دەدات هەرئەوەندەی رەخنەی لی نەگرن ئیتر رازی‌یە.

٣)بوونی پسپۆری: مرۆڤیکە کە دەروونی لەئاستی پسپۆری خۆیدایە، لەئاستی هونەرمەندی‌و شارەزایی‌و لیهاتنی خۆیدایە لەرووی دەروونی‌یەوە لەگەل کارەکەیدا ئاویزان دەبیت.

٤)بوونی بەهایی: دەروونی لەگەل بەهاکاندا دەژی.

٥)بوونی پیناسەیی: بەهاکان فەرامۆش دەکات لەپیناو پیناسەو شوناس و ئەو (انتماو)ەی کە هەلیگرتووە.

٦)بوونی رۆحی: لەهەمووی گەورەتر ئەوەیە دەروونی لەگەل رۆحیدا دەبیتە یەك.

محمد (ﷺ) مەخەرە بەرژەوەندی‌یەکەوە مەیخەرە سلوکەکەوە، مەیخەرە لیهاتنەکەوە، مەیخەرە بەهاکانەوە، مەیخەرە پیناسەکەوە، بیخەرە رۆحتەوە لەهەموو ململانی‌یەکدا سەرکەوتوو دەبیت.

---

[18] الاعراف / ١٥٧ .